# خەزرەجی لە نێوان تاوانەکانی ڕابردوو ، گومانی نوێدا

ئەحمەد عەزیز- دانیمارک 20\11\2001

لە ماوەیی چەند هەفتەی ڕابردوو (نەزار خەزرەجی) لە میانەی چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ کەناڵی عەرەبی MBC ڕۆژی 2001\11\11 ، هەروەها لە ڕاگەیاندنێکی دا ڕۆژی 2001\11\18 لە ڕۆژنامەی ئەلزەمان بڵاوی کردۆتەوە و هاتووە ، خەزرەجی پڕوپاگەندە و پاکانە نەک هەر بۆ خۆی ، بەڵکو بۆ هەمو ئەفسەرەکانی ناو سوپای عێراق دەکات و گوایە ئەوان دەستیان لە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران نییە کە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراوە و ، ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی خراونەتەگڕ لە پێناو دادگایی کردنی ، کەسانێکن هیچیان خەڵکی کورستانی عێراق نیین و دەستی ڕژێمی عێراقیان لە پشتەوەیە .

دیارە .. شتێکی چاوەڕوانکراوە لە کەسێکی وەکو (نەزار عەبدولکەریم خەزرەجی) ئەو جۆرە ڕاگەیاندن و چەواشەکاریانە بڵاو بکاتەوە ! بۆخۆی دەیسلەمێنێت تا ئێستاش جێگای گومانە و بە خۆیدا نەچووەتەوە و نەیتوانیوە خۆی ڕزگار کات لە کاریگەرەی قوتبخانەکەی بەعس بە سەریەوە .

قسەکانی خەزرەجی جیاوازیەکی ئەوتۆی تیا بە دی ناکرێت ، لە گەڵ ڕاگەیاندنی هاوەڵەکانی پێشوی وەک لە کاتی ژێرکەوتنیان بەیانی سەرکەوتنیان بڵاو دەکردەوە بە ناوی (ام المعارك ، يوم النصر العظيم و الخ) ، شێوازی دەربڕینی ڕاگەیاندنەکانی و پاساو هێنانەوەی بۆ هەمو ڕەفتار و ئەو تاوانانەی ئەنجامی داوە ، ئەوە دەگەیەنێت تا ئێستاش لە سەر هەمان ڕێرەوی پێشوی دەڕوات .

بۆیە لێرەوە.. هەوڵدەدەم بە کورتی و پوختی بەم چەند خاڵەی لای خوارەوە وەلامی ئەو ڕاگەیاندنانەی بدەمەوە :-

1. وەک خەزرجی دەلێت ئەو هەولانەی لە ئارادایە بۆ دادگایی کردنی ، دەستی ڕژێمی عێراقە ؟؟ سەرەتا ئەو ڕاگەیاندنە زۆر نادروستە و بە مێشکی هیچ کەسێکەوە ناچێت کە ئەلفوبێی سیاسەت و یاسا بزانێت ، چونکە تاوانبار کردنی خەزرەجی ، ڕاستەوخۆ تاونبارکردنی ڕژێمی عێراق و سەرانی دەگەیەنێت ، وە گەر وابوایە ڕژێم هەندێ لەو بەڵگەنامانەی دەخستە ڕوو کە بیسەلمێنێت خەزرەجی دەستی هەیە لەو تاوانانە ، وەک لەوەی ڕویدا بەرانبەر (حوسێن کامل) کاتێک ، کە لە ڕژێم هەڵگەڕایەوە و پاکانەی بۆ خۆی کرد لەو تاوانانەی ڕژێمی عێراق ئەنجامی داوە ، سەرئەنجام ڕژێمی عێراق کۆبونەوەیەکی نهێنی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی) لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن بڵاوکردەوە و سەلماندی کە (حوسێن کامل) بەشدارە لەو تاوانانە .
2. خەزرەجی دەڵێت هەمو ئەو کەسانەی بە دوایی دادگایی کردنی ئەو کەوتون خەڵکی کورستانی عێراق نیین ، ئەمەشیان وەکو هەمو قسەکانی تری بە تەواویی پێچەوانەی ڕاستیەکانە ، چونکە ئەو شەش خێزانەی داوایان بۆ پۆلیس بەرز کردوەتەوە هەر هەمویان خەڵکی کورستانی باشورن و ، لەو

خـێزانانەن کـە  بـەر شـاڵاوی ئـەنفال و کـیمیاباران کـەوتون ، و قوربـانی گیـانی و ماڵـیان لـێ کەوتوە ، هەمو لە سەر ئاستی کورستان و ناوچەکە بەوە ناسراون کە نمونەی خێزان و بنەماڵەی شۆڕشگێر و تێکۆشەرن .

3. بـە  پـێی قسـەکانی خـەزرەجی بێت بەرپرسیار بەرانبەر ئەنفال و کیمیاباران تەنها سەدام حوسێن و عەلی حەسەن مەجیدە ، هەروەکو بەڕێز کاک دکتۆر مەحمود عوسمان وتی دیارە سەدام فەرمانی بە عەلی حەسەن داوە و ، ئەویش گونیەک کیمیاوی داوەتە شانیاوە و ڕشتویەتی بە سەر کوردا .

4. خـەزرەجی دیـارە هـەر بەردەوامە  لـە  سـەر گۆشـەگیری و هـەوڵ دان بـۆ چەواشـەکردنی ڕای گشتی بەپشت بەستن بـە  لۆجیکی دیماگۆگییـەت (درۆ بکـە.. درۆ بکـە.. تـا باوەڕت پێ دەکرێت) لە گەڵ قوتابخانەکـەی بـەعس ، کاتێک دەڵـێت ئـەو بەڵگەنامانەی دەستی کوردەکـان کـەوت لـە کـاتی ڕاپـەڕین و ئێستا لـە ئەمریکایە شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە من دەستم لە کیمیاباران و پرۆسەی ئـەنفالدا نییـە بەرانبـەر بـە کوردەکـان ؟؟ هەڵـبەتە.. ئـەو کـتابەی ڕێکخـراوی نێودەوڵـەتی (Human Right watch \ Middle East watch) کـە لەساڵی 1993 لە ئەمریکا بە چاپ گەیاندرا و بڵاو کرایەوە بە ناونیشانی (جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد) کە لـە سـەر ڕۆشنایی و بە  پشت بەستن بەو بەڵگەنامانەی خەزرەجی ئیشارەتی پێ دەدات نوسراوە و ئامادە کـراوە ، هـاتوە لە لاپەڕە 315 باسی ڕاپۆرتی ڕۆژانەی فەرماندەی فەیلەقی یەک دەکات بـە ژمـارە(8184- مایسـی 1987) (لـەناو ئـەو بەڵـگەنامانە) بـۆ بارەگـای عەمـەلیاتی سەربازی ، کە چۆن پرۆسەی ئـەنفالی چواریـان جێ بـە جێ کردوە لـە گوندەکـانی گۆپتەپە و عەسکەر و هتد ، هـەروەها لـە لاپـەڕە577- 578ی هـەمان کتابدا هاتوە (پاشکۆ B ، ئەنجام

دەرانـی ئـەنفال : دەست نیشانێکی کەس و دەزگا سەرەکییەکان * ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

* پـارتی بەعسـی عـەرەبیی سۆشیالیسـت * سوپـای عـێراق :-(تـەواوی عەمـەلیاتی مـەیدانی شـەڕ ، گوند سوتاندن و وێرانکردنیان ، گواستنەوەی بە کۆمەڵ گیراوەکان هەمووی لە ئەستۆیاندا بـوو (وەزیـری بەرگری عێراق لـە سەردەمی ئەنفالدا فەریق ڕکن عدنان خیراللە بوو ، دواتر مرد . سەرۆک ئەرکانی سوپا (لیوا ڕوکن نەزار عبدالكريم الخزرجي بوو) و هتد) ، ئەو بەڵگەنامانە پێمان وایە باشترین وەڵامە بۆ بەدرۆ خستنەوەی قسەکانی خەزرەجی .

5. گەر خـەزرجی بـە ڕاستی لـە ڕژێم هەڵگەڕابایەوە و  بیویستبایا گومان لە سەر خۆی بڕەوێنێتەوە دەبو پەردەی لە سەر بەشێکی زۆری تاوانەکانی ڕژێم هەڵماڵییایە و پەنجەی بۆ کەس و لایەنانە سەرەکییەکانی ئـەنجام دەری ئـەو تاوانانە درێژ بکردبایا و ، چەند کتابێکی لە بارەی لایەنە شاراوە و نهێنیەکانی ڕژێمی عێراق بنوسیبایا .

بەو شێوەیە ڕەنگ بوو باوەڕ بە هەندێ لایەنی قسەکانی بکرایا و هەڵوێستی جێگای گومان نەبوایا ؟؟ ئێستا کێ دەتوانێت گرەنتی ئەوە بدات ؟ یان بیسە لمێنێت کەوا خەزرجی ڕژێم خۆی ڕەوانەی نەکردوە بۆ گێرانی ئەم دەورەی ئێستای !! لە کاتێکدا خەزرەجی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دەرچووە تا ئەمرۆ هیچ ڕۆڵ و چالاکییەکی ئەوتۆی نەنواندوە و پەیوەندی لە گەڵ لایەنەکانی ئۆپوزسیۆنی عیراقیش نەبەستوە و تەنانەت تا ئێستاش نهێنیەکانی ڕژێمی بەعس دەپارێزێت !! ئەمانە و چەندین پرسیاری تر ، هەموی بێ وەڵامن و بۆخۆی گومانێکی زۆری لە سەر هەڵوێست وکەسایەتی خەزرەجی دروست کردوە.

6. لە کاتێکدا خەزرەجی لایەنە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بە شاهید بۆ خۆی دێنێتەوە ، بەرانبەر نوسینە مێژوییەکانی کاک نەوشیروان موستەفا (وەک دووهەم کەسایەتی سیاسی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستاش) چی دەڵێت ؟ کە (نەزار عەبدولکەریم خەزرەجی) دەست نیشان کردوە بۆ نەوەکانی ئێستا و ئایندەی گەلی کورد وەک تاوانبارێکی گەورە بەرانبەر تاوانەکانی ئەنفال و کاول کردنی کوردستان .

7. خەزرەجی لە ڕاگەیاندنەکانیدا باسی ئەوە دەکات ، لە بەر ئەوەی ئەو نوێنەری سوپایە و سوپاش و نوێنەری گەلە بۆیە پێی باشتربووە بێ لایەن بمێنێتەوە (باسی ئەوە ناکات کە بەعسی بووە ) ؟؟ دیارە خەزرەجی هێشتا ئەوە بە کەم دەزانێت کە سوپا تا ئێستا کردویەتی بەرانبەر خەڵکی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەت لە هەمو ئەو نەهامەتی و تراژیدیایانەی بە سەری هێناون ، لە سەرکوت کردنی خوێناوی سەرهەڵدان و ڕاپەرینەکان ، تا کیمیابارن و ئەنفال و کاول کردنی کوردستان ، پێویستە ئەوەش بزانرێت ڕەنگە خەزرەجی نوێنەری سوپا بێت بەڵام سوپا هەردەم دژ بە گەل و بووە لە عێراقدا و ، داردەستی سەدام بووە بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی خۆی .

هەڵبەتە .. خەزرەجی خۆی هەڵگرتوە بۆ پاش ئەم پاوزەیەی وەریگرتووە ، ئەوەی پێشتر عەقڵیان پێی نەشکاوە و بیریان بۆی نەچوە ، یان پێی ڕانەگەشتون لە جەولەی دووهەمی گەڕانەوەی بۆ ناو سوپا پێی هەستێت .

ئایا خەزرەجی بۆچی وەڵامی ئەوە ناداتەوە بەرانبەر بە چی بووە بەرز کردنەوەی پلەی لە نەقیب تا فەریق ڕوکن و سەرۆکی ئەرکانی سوپا ؟؟ ئەگەر لە بەرانبەر دڵسۆزی بۆ ڕژێم و جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی سەرۆکی فەرماندە نەبوبێت لە کوردستان !! ئەی لە پای چی بووە ؟؟

**ئەمانەی لە سەرەوە هاتووە .. مشتێکن لە خەرمانی تاوانەکانی خەزرەجی**